
# کوردستان ..وڵاتی قەرەجەکان !

**بەهێز حوسێن**
**Bahez2006@hotmail.com**



ئەو ڕاپۆرتەی کە دەربارەی گرفتی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان لە لایەن ( بنکەی کوردستانی پرۆژە نێودەوڵەتییە تایبەتەکان ) ەوە بڵاوکراوەتەوە ، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوەی چەندان ساڵە حکومەت بەناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە دەیکات جگە لە پارە بەهەدەردان و پرۆژەسەقەتکردن و دەوڵەمەندکردنی زیاتری بەرپرس و مەسئولەکان هیچی تر نەبووە .

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە نیوەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان یەکەی نیشتەجێبوونیان نییە ، بە کوردییەکەی خۆمان وەك قەرەج وان و هەر ساڵە و لەگەڕەك و خانوویەکدا کرێچین ، کە هەر ئەمەشە کاریگەری ڕاستەوخۆی داناوە لەسەر سەقەتبوونی کەسایەتییەکانی تاکی کورد و زۆربوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و تاوان و ... هتد .

ئەو ڕاپۆرتە تێمان ئەگەیەنێت کە خەڵکی ئێمە سەری دێشێت و حکومەتەکەشمان دێت و نینۆکی بۆ بۆیە دەکات ! دەمەوێت بڵێم ئێمە دوو ژوورمان دەوێت تێیدا بژین کەچی حکومەت خەمخۆرانە دێت و بازاڕی نیشتمانی و شیراتۆن و فرۆکەخانەی دووەممان بۆ دەکاتەوە ، ئێمە دەمانەوێت منداڵەکانمان وەك منداڵەکانی ئەوان هەر نەبێ دووساڵ لەسەر یەك لە یەك قوتابخانەدا بخوێنن چونکە هەر ساڵە و لەگەڕەکێك هەر ساڵە و قوتابخانەیەکیان پێ دەناسێنێت ، کەچی دێن و شاری خەونەکان و کۆمەڵگەی کات بەسەربردنی تایبەتی بۆ خۆیان دەکەنەوە ! .

ئەو ڕاپۆرتە بە پێی ئامار بۆ هەموو لایەکی سەلماندووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تە حکومەتی کەمینەیەکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو کە پێدەچێت بە ناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە داهاتی ئەم وڵاتەیان بخاتە بەردەست ، ئەگەر نا پێمنالێن ئەم حکومەت خەمخۆرە لەماوەی 16 ساڵەی دەسەڵاتیدا چەند خانووی دروستکردووە و چەند زەوی دابەشکردووە و شەفافانەش ئاشکرا بکرێن کە ئەو زەویانەی داوەتە کێ !؟ خۆ ئەگەر بەوانە درابێ کە بێ ماڵ و حاڵن دەبوو ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك بێ خانوو نەبان ، بەڵام جێی خۆیەتی کە بپرسین ئەی ئەوانەی دوو زەوی و سیانیان کردۆتە خانوو کێ پێیداون ؟

ئێستا و پاش ئەو ڕاپۆرتە من شانازی بەوەوە ناکەم کە من خەڵکی وڵاتێکم ناوی کوردستانە چونکە پێدەچێ من و دەیان هەزاری وەك منی دانیشتووی ئەم هەرێمە قەرەج ئاسا نە کوردستان و نە هیچ وڵاتێکی تر بە وڵاتی خۆمان نەزانین ، ئەمە تێڕوانینی ئێمە ئەی دەبێ هەر بەم پێودانگە حکومەت چۆن خۆی حیساب بکات ؟ ئایا خۆی بەحکومەتی دەوڵەمەنەکان دەزانێت یان حکومەتی قەرەجەکان !؟ ئەگەر خۆی خۆی بە حکومەتی پۆلێنی دووەم بزانێت ئەوا دەبێت زۆر بەپەلە و دەستوبردانە بیرێك لە پەیداکردنی نیشتمانێکی چکۆلانە ( خانوو ) بکاتەوە بۆ دانیشتوانی کوردستان ، جێی خۆیەتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش چیتر دەستەوەستان بیر لە دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی میوانخانە و شوێنی گەشتیاری بۆ بەرپرسان و میوانە بێگانەکانی کوردستان نەکاتەوە بەڵکو ژیانی هاوڵاتیانی ڕەسەنی هەژار و کەمدەرامەتی بێ خانوو جێ بخاتە پێش چاو و سەرلیستی کارەکانی .

**لەم ڕۆژانەدا بیستم کە حکومەتی هەرێم بڕی 50 ملیۆن دیناری لە پارەی خەڵکی پارێزگاکانی ( سلێمانی و هەولێر و دهۆك ) ی بەخشیوەتە کەرکوك تا پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی تێدا بکەین ، من لەگەڵ ئەودام کە هەرچی لە گیرفانماندایە و لە پێویستیمان زیاترە بیدەینە کەرکوك و تەنانەت خەڵکی لێقەوماوی فەلوجەش ، بەڵام کە ئێمە بە هەزار بێنە و بەردە لە داهاتی عێراق بەشە داهاتێکمان چنگ کەوتووە و خۆمان پێویستمان بە دەستی یارمەتی و کۆمەکی هەر بەڕێزێکی خێرخوا هەیە عانەیەکی بداتێ و هەڵەبجە و گوندەکانی پێ ئەودان بکاتەوە و ئەوەش حاڵی هاوڵاتییەکانی خۆمان کە خانوویەك نییە تێیدا بژین ، چ پێویستی بەمە دەکرد حکومەتی کوردستان ئەم پیاوەتییە بکات ، لە کاتێکدا بۆ ساڵی 2007 کەرکوك بودجەکەی دوو هێندە کراوە و نیوەی هەموو کوردستان پارەی لە بەردەستدایە و ئەمریکا و بەریتانیاش بە لێشاو پارەی بۆدەبن ، ئاخر ئەمە جگە لە پیاوەتیکردن بە پارەی خەڵکی ئەم سێ پارێزگایەوە چی ترە ؟**

**لە کۆتایشدا دەڵێم خەڵك بەخۆی نەزانیوە و تازە بەتازە شتەکانی بۆ دەردەکەوێت ، تازە بە تازە دەزانێت وەزیرهەیە خانووەکەی بە یەك دەفتەر دۆلار ئەدات بە کرێ و بەرپرسی حکومەت هەیە کۆمەڵگەی کاتبەسەربردن و دەرزەنێك خانووی هەیە و مەسئولیش هەیە کە بە پارەی خەڵك دەوڵەمەند بووە جگە لە دروستکردنی بازاڕ و کردنەوەی میوانخانە و بەنزینخانە بیر لە دروستکردنی چوار خانوو بۆ خەڵك ناکاتەوە ، خەڵك بە چەند ڕاپۆرتێکی لەوەی ( پرۆژە نێودەوڵتییە تایبەتەکان ) بۆی ئاشکرا دەبێت کە ئەوەی چەند ساڵە بەناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و ئاوڕدانەوە لە خەڵکی هەژاری کوردستان کراوە درۆی گەورەبووە .**